Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 3 Mijdar 2020

International Journal of Kurdiname
Issue: 3 November 2020

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname **E-ISSN-**2687-5438

# ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

## اللون الاحمر في الشعر الكلاسيكي الكوردي

## RENGÊ SOR DI HELBESTÊN KLASÎK ÊN KURDÎ DE

## RED COLOUR IN KURDISH CLASSICAL POETRY

Koser Omar AHMAD*

**Article Type:** Research Article // Gotara Lêkolînî
**Received** // Hatin: 13/11/2020
**Accepted** // Pejirandin: 26/11/2020
**Published** // Weşandin: 30.11.2020
**Pages //** Rûpel: 109-126.

This work is licensed under the Creative Commons Attribution International License (CC BY 4.0).
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

**Citation/Atif:** Ahmad, Koser Omar, (2020). ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکی کوردیدا, *Kurdiname*, no. 3, p. 109-126.

**Plagiarism/Întîhal:** This article has been reviewed by at least two referees and scanned via ithenticate plagiarism website // *Ev gotar herî kêm ji alîyê 2 hakeman va hatiye nirxandin û di malpera întîhalê ithenticate ra hatiye derbaskirin.*

## Kurte

Ev xebat li ser rengê sor di şi’ra klasîk a kurdî radiweste. Ango em di vê lêkolînê de ketine pey bersiva pirsên wek; di şi’ra klasîk a kurdî de rengê sor çi wateyên xwe hene, mebest ji bikaranîna vî rengî çi ye? Kompozizyona reng û bandora wê ya psikolojikî çi ye? Dîsa dema ku şairekî klasîk rengê sor di şi’ra xwe de bi kar tîne, li pey çi mebestan e? Herwiha ji ber ku xebatên bi vî rengî di kurdî de pir kêm in, bi hurgulî li ser rengan û bi taybet li ser rengê sor li helbestên kurdî de hatiye sekinin. Me ji bo lêkolîna xwe rêbaza wesfî û analîzkirinê bi kar anî. Lêkolîna me bi mînakên ji edebiyata klasîk a kurdî teşe girtîye. Bi vê xebatê em destnîşan dikin ku rengê sor çi tedaî dike û çi bibîr dixe. Di encamê de daneyên ku bi dest ketine, bi hurgulî hatine nirxandin û mebesta şairan a bikaranîna rengê sor hatiye destnîşankirin.

**Peyvên Sereke**: Reng, rengê sor, psîkolojiya rengan, reng di helbest û edebiyata kurdî ya klasîk da

## Abstract

The title of this study is (The red color in Kurdish classic poems). This study shows the meanings associated to red color in Kurdish classic poems. The study resorts to both descriptive and explanatory methods.This study is an effort to serve the literature and the readers.Therefore , this study discusses colors , how they are made , psychology of colors and the use of colors by the poets.In addition, both colors and and place of colors in Kurdish poetry are important. The study particularly puts a great emphasis on the use and meanings of red color in Kurdish poetry. Finally. The results of this work shown in points.

**Key words:** colors, meanings of colors, psychology of colors, colors in Kurdish poetry.

## ملخص

هذا البحث تحت عنوان ( اللون الاحمر في الشعر الكلاسيكي الكوردي) ، يظهر دلالات اللون الاحمر في الشعر الكوردي الكلاسيكي، معتمدا على المنهج الوصفي الكلاسيكي ، ولان هذا الموضوع لم بدرس في الأدبالكوردي الا قليلا، يهدف هذا البحث الى تعريف دقيق للون خاصة اللون الأحمر كما يهدف الى ملء فراغ في هذا المجال و خدمة الادب والقاريء . لذلك في المحتوى يتكلم عن اللون و كيفية تكوينه و سايكولوجية اللون وكيفية استخدامه من قبل الشعراء عن طريق عرض النصوص الشعرية مع اهمية و وجود

* ماستەر لە ئەدەبی کوردی/MA in Kurdish Language and Literature, robineven98@gmail.com, Orcid: http://orcid.org/0000-0001-5495-7623

اللون في الادب الكوردي ، و بالاخص الاهتمام باللون الاحمر و الأهداف المستفادة من اللون الاحمر، وفي الختام تم توضيح النتائج على شكل نقاط مع المصادر العلمية التي تم استخدامها .

**كلمات مفتاحية:** الوان ، دلالات اللون الاحمر، سايكولوجية اللون ، اللون في الشعر والادب.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە؛ بە ناونیشانی: (ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکیی کوردییدا).

توێژینەوەیەکە؛ بە نمونەوە دەلالەتەکانی ڕەنگی سوور دەخاتە ڕوو لە شیعری کلاسیکیی کوریدا، توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیکاریی بەستووە و لەبەر ئەوە ئەم بابەتە لە ئەدەبیاتی شیعریی کوردییدا، کەمتر بە باس دەوڵەمەند کراوە، بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە؛ ناساندنی ورد و جوادییانەی ڕەنگ و بەتایبەت (ڕەنگی سوور)بیخاتە تیشکی توێژیەوە، زێدەباری وی؛ توێژینەوەکە: هەوڵ و ئارمانجێکە کەلێنێک پڕبکاتەوە و خزمەت بە ئەدەب و خوێنەربکات. بۆیە لە ناوەڕۆکدا باسی لە ڕەنگ و سایکۆلۆجی ڕەنگەکان و شێوازی بەکارهێنانیان کراوە لای شاعیران بە خستنەڕووی دەقی شیعرییەوە. لەگەڵ گرنگیی و بوونی ڕەنگ لە ئەدەبی شیعری کوردیی و وردتر گرنگییداوە بە مەبەست و دەلالەتی (ڕەنگی سوور)و ئەو مەبەستە خواستراوە جیاجیانەی کە لە ڕێگەی ڕەنگی سوورەوە خراونەتە ڕوو. لە کۆتاییشدا بە خاڵ ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو و لەگەڵ دانانی زانستییانەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

**وشە کلیلییەکان:** ڕەنگەکان، دەلالەکانی ڕەنگی سوور، سایکۆلۆجی ڕەنگ، ڕەنگ لە شیعر و ئەدەبدا

## پێشەکی

ڕەنگ, کە شەپۆلێکی جوڵاوەیی ڕووناکییە و چاو هەستی پێدەکات، هەر چاوە جیاوازی ڕەنگەکان لە ڕێگەی تۆڕ؛ بڕ و سیفەت و ڕادەی تێژی ڕەنگەکان هەستپێدەکات، ڕەنگیش بە پێی هەستپێکردنی چاو؛ هێمای جیاجیایان لەسەر دانراوە لە ڕووی پێکهاتنییەوە، دواتر هەریەکە و بە ناوێکەوە دەر دەبڕێت: ئەمە سوورە، ئەوە سپییە و ئەوی دی سەوز و ڕەش... بە لەبەرچاوگرتنی ناونیشانی توێژینەوەکە، کار لەسەر مەبەست و دەلالەتەکاتی ڕەنگ و ڕەنگی سوور دەکات لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا، لەم ئەدەبیاتەدا؛ چەندین جار ئاماژە بە ڕەنگەکان و بەتایبەت ڕەنگی سوور کراوە، گەرچی خەڵک سوور هەر بەڕەنگی ئاسایی دەبینن، بەڵام شاعیرانی کلاسیک ئەم واتا بنچینەییەیان گۆڕیوە بۆ واتا و دەلالەتی نامۆ و (سوور)یان بۆ گەلێک مەبەست و خواستنی تری وەک (فرمێسک، خوێن، شەڕ، تورەیی، خۆشەویستیی، جەنگ، خەنە، گوڵ، لێو، گەرمی، شایی، جەختکردنەوە...) بەکارهێناوە، بۆیە لە ناوەڕۆکدا، ئەم مەبەستە جیایانە لەگەڵ نمونەی شیعری کلاسیکیی خراونەتە ڕوو، ئەمانە و چەند دەلالەتی ڕەنگیی لە چوارچێوەی سایکۆلۆجی تاک(شاعیر)دا خراونەتە ڕوو لە توێژینەوەکە.

## هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە

ئەدەبیاتی شیعری و وەسف و شیکردنەوەکانی شیعری کلاسیکیی، زۆریان لەسەر وتراوە، بەڵام باسکردنی ڕەنگەکان و بەتایبەتی یەک ڕەنگی وەک سوور، چەندی لەسەر نوسرابێ، ئەوە پێمانوایە کە هەر کەم خراوەتە بەر باس، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو باسانەیشی کە کراون لەسەر ڕەنگ، بە سادەیی بەلای ڕەنگی سووردا ڕۆشتوون، یان بەگشتیی و لەگەڵ ڕەنگەکانی تردا باسی لێوە کراوە، بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە بە شێوەی تایبەت و وردتر باس لە دەلالەتەکانی ڕەنگی

سوور و خستنە ڕووی ئەم ڕەنگە لە شیعری کلاسیکییدا لەگەڵ ئەو مەبەستە جیاجیایانە بکات کە لە بری ڕەنگی سوور بەکارهاتوون.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە ئامانجیەتی، کە خواستی بەکارهێنانی ڕەنگی سوور، دەلالەت، مەبەست و واتاکانی ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکی کوردییدا بخاتە ڕوو، بەگشتیی ئامانجییەتی؛ لایەنێکی نەبینراو، یان کەمبینراوی توێژینەوەیی لەسەر ڕەنگ و ڕەنگی سوور بخاتە بەرباس و هەوڵ و خواستێکە کەلێنێک لە ئەدەب پڕبکاتەوە.

**کەرەستە و سنور و میتۆدی توێژینەوەکە**

پێناسە و باسکردن لەسەر ئەدەب وئەدەبی شیعری، فراوانە و زۆری لەسەر نوسراوە، بۆیە کاتێک بەشێکی ئەم ئەدەبە دەکەوێتە بەر تیشکی توێژینەوە، پێویستە سنورێک بۆ باسەکەی دابنرێت، بۆیە لە توێژینەوەکە، لە نێو ڕەنگەکاندا تەنها بە وردی باس لە ڕەنگی سوور و لە نێو شیعری کوردی تەنها نمونەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی وەرگیراون. کە ئەمانەیش لە چوارچیوەی ڕێبازێکی وەسفی شیکاریی خراونەتە بەرباس و جگە لە ڕەنگی سوور، شیعری شاعیرانی کلاسیکیی، لە (نالی)یەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەقە شیعرەکانیان کراون بە کەرەستەی توێژینەوەکە. گەرچی لە شیعری کوردی بە کۆن و نوێوە، گەلێک دەلالەتی جیاجیا هەیە لەبارەی ڕەنگەکانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ناوەڕۆکەکە زۆر فراوان نەبێت، توێژینەوەکە تەنها شیعری کۆن(کلاسیک)ی هەڵبژاردووە و لە نێوەندەیشدا، واتە لە نێو دەقە کلاسیکییەکان، دەقی چەند شاعیرێکی وەرگرتووە، چونکە بە گەڕان و وردبوونەوە ئەوە بۆ توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ئەو مەبەست و دەلالەتانەی کە لەلای ئەم چەند شاعیرە هەیە(کە توێژینەوەکە بەکاریهێناون) بەگشتیی لای ئەوانی تریش هەر بەوشێوەیەن، بۆیە ڕیزبەندی و سەردەم و خشتەی بۆیان دیاری نەکردووە، چونکە پێش شیعرە کلاسیکییەکان، ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی دەلالەت و بەهای ڕەنگە لە نێو دەقەکاندا وەک لە ژمارەی شاعیران و شیعرەکانیان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە، کە بە ناونیشانی (ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکیی کوردییدا)، جگە لە پێشەکیی باس، کە وەک سەرتا و دەستپێکە بۆ توێژینەوەکە، لە ناوەڕۆکدا؛ باس لە چەمک و دەلالەتەکانی ڕەنگەکان و شێوازی دروستبوون و گرنگییان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، تیشکی خستووەتە سەر سایکۆلۆجی ڕەنگەکان لەسەر شاعیران و هەروەک باسیشی لە گرنگی ڕەنگ کردووە لە ئەدەبیاتی شیعری کوریدا، بە لەبەرچاوگرتنی ناونیشانی توێژینەوەکە، بە وردی باسی لە مەبەست و دەلالەتەکانی ڕەنگی سوور و بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە کردووە لە شیعری کلاسیکیی کوریدا، کە چۆن ئەم ڕەنگە

هەرجارە و بۆ مەبەستێکی شیعریی جیا لە واتای بنجی وشەکە(سوور)خۆی بەکارهاتوون لە نێو دەقە کلاسیکییەکاندا.

**مەبەست و دەلالەتی ڕەنگ، چەمگ و پێناسە**

"ڕەنگ: کە لە تیشکی سپییەوە دروستەبێت؛ بە چەند شەپۆلێکی درێژ و جیاواز دەردەکەون و درێژی شەپۆلە جیاوازەکان وا لە ئێمە دەکەن کە بتوانین ڕەنگ جیاواز ببینین" (سهیلا و منصور، 1392: 124)،ڕەنگ: لە زمانی عەرەبیدا( اللون) و لە زمانی ئیگلیزیدا (color)ی پێدەوترێت، وشەی ڕەنگ لەلایەن سروشتناسانەوە بەکارهاتووە، "ڕەنگ توخمێکی دیاری گەردونییە و وەک پێکهاتەیەکی تایبەتیی لە جوانی لە ژیانماندا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە بە هۆی ڕووناکییەوە لەم دونیایەدا دروست دەبێت" (الهلالي،2019: 1) ، تا گەشتووە بە هونەرمەندا و برەویان پێداوە، واتای ئەم چەمکە: شەپۆلێکی جوڵاوەیی ڕووناکییە و چاو هەستی پێدەکات، هەر چاوە جیاوازی ڕەنگەکان لە ڕێگەی تۆڕ؛ بڕ و سیفەت و ڕادەی تێژی رەنگەکان هەستپێدەکات، ڕەنگیش بە پێی هەستپێکردنی چاو؛ هێمای جیاجیایان لەسەر دانراوە لە ڕووی پێکهاتنییەوە، دواتر هەریەکە و بە ناوێکەوە دەر دەبڕێت: ئەمە سوورە، ئەوە سپییە و ئەوی دی سەوز و ڕەش... بۆیە ڕەنگ:"بە یەکێ لە بوارە واتاییەکانی زمان دائەنرێ، وەک گروپێکی وشە، پەیوەندییە واتاییەکانیان دەر ئەکەوێت" (جەباری، 2016: 112) یان: "ژیان خۆی دەلالەتە بۆ ڕەنگ، لەبەر ئەوە ڕەنگەکان ژیان وێنا دەکەن، بە وێناکردنیشیان ژیان نەخشین دەکەن" (عزیز و محمد،2019: 113) یانیش: ڕەنگ" یەکەمین کەرەستەیی زمانیە، کە ئەوانەی دەورەیانداوین، پێیدەدوێین، ئەمەیش خۆی لەوکارانە دەبینێتەوە کە ڕۆژانە پێویستمانن" (ڕەئووف، 2017: 457)، بەم خویندنەوەی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەگەین بەوەی، ڕەنگ: جگە لە ڕوانکە فیزیکییەکەی، ڕاستەخۆ پەیوەندی بە چاوی مرۆڤ و چالاکییەکانی ناخی مرۆڤ و کاردانەوە ژیانییەکانییەوە هەیە، چۆن تیشکەکان لە سپیتییەوە دەلالەت لە ڕەنگەکانی (سور، سپی، ڕەش، شین، سەوز...)دەکەن، ئەوایش کاروکردەکانی مرۆڤ، لە: (خۆشیی و ناخۆشی، خەم و ئازار، جوانیی و ناشرینی، دروویی و نزیکی یاران، عەشقی ئیلاهی... دروستکەری ڕەنگەی جودا و دەلالەت و واتای جودان بۆ ڕەگەکان.

ڕەنگەکان، لە سروشتدا؛ لەو کاتەوەی تەنها ڕووناکیین و تا دەبنە ڕەنگێکی تەواو، سیفات و تێژی و پلە و ڕادەییان هەیە، لەخوارەوە بەکورتیی لەم بوعدەوە تیشکیان دەخەینەسەر:

1- **سیفەتی ڕەنگەکان**: ئەو تایبەتمەندییەی کە هەر رەنگ لەیەکێتی تر جیادەکاتەوە و ناو و ڕواڵەتی خۆی هەیە، کە وادەکات بڵێین ئەم ڕەنگە لەوی دی جیاوازە، وەک؛ ڕەنگی سوور و پرتەقاڵی و شین و ئەرخەوانی و... بۆ نمونە کە ڕەنگی پرتەقاڵی دەبینی، ئەوە دەرئەنجامی تێکەڵکردنی ماتریاڵی سوور و زەردە، بۆیە ڕەنگەکان هاوچەشن خاوەن سیفەتی خۆیانن و بە سیفەتە زەردویی و سەوز هەڵگەران و سووربوونەوەییەوە دەناسرێنەوە.

2- **تیژی ڕەنگەکان**: کاتێک دەڵێن ئەم ڕەنگە کاڵ یان تاریکە یان تۆخە، ئەمە ڕادەی ڕەنگەکە دەردەخات، واتە چەندە لە سپێتی و ڕەشییەوە نزیک و دوورە، ئەم ڕەش بیین و سپێتییە، ڕادەی دووری و نزیکیمان لە ڕەنگەکانەوە دیاریدەکات، هەتا دووربین ڕەنگەکان مەیلەو تاریکتر دەبینین و چاوی دیاریکردنی ڕەنگەکان تێکەڵ دەکات نزیکتربین روونتر.

3- **پلەی ڕەنگ**: ئەو تایبەتمەندییەیە کە ڕادەی چڕی و ڕوونیی ڕەنگ و پاکی ڕەنگ، دیاریدەکات، ڕەنگەکان هەندێکیان پاک و ڕوون و هەندیکی تریان تاریک و تێکەڵ، ئەم پلە بەندییە، ئەنجامی لێدان و کاریگەریی ڕووناکییە لەسەر ڕەنگ، کە وادەکات پلەی ڕەنگەکان دەربکەون بە کاڵی یان تۆخی بۆ هەر ڕەنگێک.

هەموو ئەمانە دەرئەنجامی جووڵانی ڕادەی ڕووناکیی سروشتە و بۆیە "ڕەنگ بە هەموو جۆر و سیماکانییەوە، کە سەرچاوەکەی سروشت و سەرچاوەکانییەتی، هەمیشە لە دیدە و بینینی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێت" (جەباری)، 2016: 114)، کە دوا جار دەچێتە سەر کارو کردە و لێکەوتەی زمانی مرۆڤ و لەو ڕووەیشەوە ڕەنگ دەبێتە پەیامێکی زمانی و واتایی و دەلالەتی جیاجیای واتایی دەدات، بۆیە گونجاوە بڵێین: ڕەنگ؛ یەکێکە لە هۆیەکانی گەیاندنی پەیام لە نێوان مرۆڤەکان، هەروەها هۆیەکە بۆ ئاشنابوون و نزیکبوونەوەی تاکەکان یەکتری و دەبێتە مایەی پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتریدا" (عزیز و محمد، 2019: 116).

ڕەنگەکان لە سروشتدا، جگە لەو شێوەیەی کە چاو دیاریدەکات هەریەکەیان لە ناخدا، لە کۆمەڵگەکاندا، هەڵگری پەیام و مەبەست واتایەکی جیاوازن، لە ڕەنگەکاندا، ڕەنگە سەرەکییەکان کە بریتین لە (سوور، سەوز، شین) جگە لەوەی هەریەکەیان بە پێی بۆچوون لێڕوانینی کۆمەڵگەکان، هەڵگری واتا و پەیامێکن، هەروەها لێک نزیکبوون و پێکەبوونیان بەیەکتری، ڕەنگی نوێ دروست دەکەن، بۆنمونە:

- ڕەنگی شین و سوور: ڕەنگی پەمەیی لێ دروستدەبێت.
- ڕەنگی سوور و سەوز: ڕەنگی زەردی لێ دروستدەبێت.
- ڕەگی سەوز و شین: ڕەگی ئاسمانی لێ دروستدەبێت.

هەروەک لە دوو وێنەکەی خوارەوەیشدا ڕوونکراوەتەوە:






لە نێو ئەم ڕەنگە دروستبووانەدا، زانایان دوو گرووپ، یان دوو جۆری سارد و گەرمیی ڕەنگیان دیاریکردووە:

1- **ڕەنگی گەرم**: "هەستێکی گەرم دەبەخشن، بۆیە پێیان دەگوترێت ڕەنگی گەرم، ئەم ڕەنگە بە کۆمەڵەیەکی ڕەنگی دیارکراون، کە کۆمەڵەی ڕەنگی گەرمی: (زەرد- پرتەقاڵی- سوور) لەخۆ دەگرێت، ، هەروەها بە کاریگەریی دەرونییان کاردەکەنەسەر یادگەی مرۆڤ و یادی ڕەنگەکانی ئاگر و خۆر و خوێن سەرچاوەی گەرمی دێننە بەر ئاوەز" (ایمان،2020: 77)، کە ئەمانە ڕەنگی پایز و خۆرئاوابوون و خۆرهەڵاتن و ئاگر و... بەگشتیی ئاماژەن بۆ چالاکیی و هەست و سۆز، کە ڕەنگی سوور و زەرد، سەرەکیین و لە ئەنجامی ماتریاڵی ئەم دووانە؛ ڕەنگی پرتەقاڵی دێتە بوون، کە زیاتر وەرزی هاوین و کاتە گەرمەکانی ڕۆژ بەلای ئەم ڕەنگانەدا دەشکێنەوە.

2- **ڕەنگی سارد**: هەستێکی قوڵی ساردیی دەبەخشنە بەر ئاوەزی مرۆڤ بۆیە بە ڕەنگە ساردەکان ناوزەدن "ڕەنگە ساردەکانیش، کۆمەڵێک ڕەنگی وەک: (شین– سەوز - یان مەیلەوشینی یان وەنەوشەیی و مەیلەو وەنەوشەیی)، لە خۆ دەگرێت، ئەم ڕەنگانە لەگەڵ ڕەنگی ئاسمان و ئاودا دەگونجێن و ساردیی دێننە بەر ئاوە و شعوری مرۆڤ" (ایمان،2020: 77)

و ئەو ڕەنگانەی لەم گرووپەوە نزیکن؛ شێوەی سروشتی شاخ و گژوگیا و ئاسمانی شین... دەنوێنن، ئەم ڕەنگە لە وەرزی بەهارا و زستان و شەواندا زیاتر دەردەکەوێت. لە کاری وێنەگرییشدا ئەم ڕەنگانە دەبنە هاوسەنگی وێنەیی (white balance)، کە ڕەنگی زەرد و سور و هاوشێوەکانیان، دەبنە ڕەنگی گەرم و ڕەنگی شین و سەوز و هاوشێوەکانی، دۆخ و ڕەنگی ساردی ناو وێنەکانن. ڕوونکردنەوەی زیاتر لە وێنەی خوارەوەیە:



**واتای ڕەنگەکان**

ڕەنگەکان، هەر یەکەو بەپێی لێ تێگەیشتن لە زەینی مرۆڤدا، هەڵگری پەیام و واتای تایبەتن، واتای جیاواز و هەندێکجار هاومانان، کەر یەکیان بەشێوەیەک هەستی مرۆڤ دەوروژێنن، هەندێکجار ڕەنگێ، لەیەک کاتدا واتای باش و خراپ، یان واتای گەشی و تورەیی دەدات، وەک ڕەنگی سوور، یان زەرد بە واتای نەخۆشی و هەم واتای پایزی جوان دێت..."ڕەنگ وەک ژێدەرێکی مەعریفی؛ لە سەردەمی مۆدێرندا تێکەڵبوونی شیعری لەگەڵ ڕەنگەکان، توخمێکی مەعریفی زیادکردووە کە لە قوتابخانە مۆرفۆلۆژییەکانی هاوچەرخی هونەری وێنەکێشاندا نوێنەرایەتی دەکرێت، وەک واقیع و نهێنی، زانستخوازان و قوتابخانە تەکنیکییەکانی تر کە بنەما و چەمکەکان و مەنهەجەکانی خۆیان لەم سەردەمە دامەزراندوە و جێ بایەخبووە، لەسەر بنەمای فەلسەفە و ئەزموونە مەعریفییە کەڵەکەبووەکان، لە فەلسەفەی کارەکانیاندا تێکەڵ کراون" (محمد،2006: 34). بەرمەبنای ئەمە و لەبەر ئەوەی ڕەنگەکانی سروشت زۆرن، بەڵام لەبەر ناونیشان و سنوری باسەکەمان، لە نێو ڕەنگە باوەکانی: (سەوز سوور، سپی، ڕەش، پرتەقاڵی، زەرد، شین)، تەنها ڕەنگی (سوور) دەخەینە بەرباس:

**ڕەنگی سوور**: سوور، زۆری لەسەر وتراوە،"لە نێو زۆربەی میللەتاندا بە واتای شۆڕ و بەرخودان و شەهید بوون ئەناسرێت" (جەباری، 2016: 116) ڕەنگی هێز و هەست و سۆزە، توانای سەرکردایەتیکردنی هەیە و سەر تۆپی ڕەنگە گەرمەکانە و تواناو وزە دەبەخشێت، بە کاڵی، واتای وروژاندن و وزە دەدات و کاتێک بەرەو قاوایی بوون دەچێت هەستێکی گەرمی بەهێز دەبەخشێت. لە کەلتوری وڵاتێکی وەک (چین)دا، نیشانەی شادییە و لە ئاهەنگەکاندا بەکاردێت وەک بەڵگەی سەرکەوتن، بەڵام لە ئەفریقیا یشانەی مردنە، بەڵام لە ژاپۆن بە واتای تورەیی و مەترسی دێت، ڕەنگی سوور : ڕەنگێکی گەرمە ، بۆیە ڕەنگێکی سەرنجراکێشە کە تایبەتمەندیی جنسیی هەیە، "هەروەها وەک دەلالەت بەستراوەتەوە بە توندوتیژی، ڕەنگێکە گوزارشت لە ئاگر و خوێن توندوتیژی دەکات" (امین، 2008: 614). کاریگەری فیسیۆلۆژی هەیە لە زانستی پزیشکیدا دەبێتە هۆی هەڵئاوسان(التهاب)، وە یارمەتیدەر و نیشانەیە بۆ تورەبوون تەنانەت لە دیمەنە شانۆییەکاندا؛ گوزارشت لە تورەیی و ڕق و کوشتن دەکات"(جابر،الجزء(2): 611)،سوور: یەکەم ڕەنگە کە مرۆڤ لە سارشتدا ناسیویەتی، هەروەها چەند ڕەنگی تر لە سروشتدا، دە لالەت لە ڕەنگی سوور دەکەن، وەک: تیشک و دروشانەوەیی خۆر، تیشکی ئاگر، گەرمی.. ئەمانە بە ڕووناکی و شەپۆلی گەرمی ڕەنگی سوور دەناسرێن..

**ڕەنگەکان و کاریگەرییان لەسەر سایکۆلۆژی شاعیر**

ڕەنگ وەک کاریگەریی کە "بەوزەیەکی سوک ناسراوە کە دەچێتە ناو جەستەوە و خانەکانی مێشک ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش دەبێتە هۆی دەردانی هەندێک هۆرمۆن، کە کۆمەڵێک لە پرۆسە فیسیۆلۆژییەکان بەرهەم دەهێنن و بەم شێوەیە ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی بەسەر بیرکردنەوە و میزاج و هەڵسوکەوتماندا دەکەن" (ایمان2020،: 73). ئەمە ئەو کاریگەرییە فیسیۆلۆجیانەیە کە بەهۆی تۆری نەخۆشیی و خۆشییەوە دروستدەبێت ، جا چ بەهۆی ڕەنگی ڕەنگاو ڕەنگەوە بێت یان تیشکی ڕووناکی ڕەنگاو ڕەنگ، بۆیە مرۆڤ، بێ ویستی خۆی، بێ ئەوەی دیاریکردبێت، ڕەنگەکان کاریگەرییان لەسەری دەبێت، ئەم ڕەنگانەو بەتیابەتی تیژی ڕەنگی سوور؛ لەگەڵ دەرونییدا کارلێکدەکەن، ڕێکدەکەون بۆ هەندێکی دڵکراوە بێت و هەندێکی تری داخراو،

هەر ئەمەیش وادەکان ڕەنگێک زاڵتر بێت بەسەر ڕەنگێکی تر لای مرۆڤ، ڕەنگەکان؛ لە زۆر کاتدا وەک چارەسەری دەروونی بەکاردێن، بۆ نمونە؛" ڕەنگی ڕەش: ڕەنگی خەم و حوزن و نائومێدییە، عەرەبەکان بە ڕەنگی ترس و ڕەش و ڕوتییان داناوە، لای کوردیش هەروا، پێچەوانەی ڕەنگی سپییە و بەهۆی لەدەستدانی ڕووناکی یا هەڵمژینی ڕەنگی ترەوە دروستەبێت, لە زۆربەی بۆچوون و حالەتەکاندا ئەم ڕەنگە بۆ حەم و ڕەشبینی وەرگیراوە هەروەک هێمایە بۆ تاوان و لەدەستچوون" (سلیمان، 2016: 170-171)، لە بیر و هزری شاعیرانیش هەر ئاماژەن بە خەم و خەفەت و هەروەک ڕەنگی زەردیش بۆ گرژی و سپی بۆ ئارامی و ئاشتیی دەروونی،ئەمانە و ڕەنگەکانی تر هەر یەکە و دەلالەتێکی بۆ تێروانین هەیە و ئەم هەستە ڕەنگییە بۆ چارەسەر لە وێنەکێشان و ڕەنگکردندا وێنا دەکرێت.

زۆرجار ئەم کاریگەرییە (ڕەنگی سوور)، لە کۆمەڵگەدا و لای تاکەکانی، زروف و بارودۆخی: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، هونەری... دەیهێنێتە بوون، لای نەتەوە و تاکی کورد، لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو، لە ژێر ستەم و غەدری دوژمنان بووە، بۆیە ڕەنگی سوور زاڵە و جگە لە واتا بنچینەییەکەی، بە واتای: جەنگ، شۆڕش، بەرخودان، شەهیدی، خونچە و گوڵ وەک نیشانەی پشکوتن، شایی و شەرم... هاتووە، ئەکرێت ئەم کاریگەرییە بە پێی تەمەنیش بگۆڕدێت، واتە ماوەی تەمەنی گەنجی و شادیی، زیاتر ڕەنگە گەرمەکانی وەک (سور و زەرد) زیاتر بەکاردێت لای تاک و تەمەنی گەورە و بوون و بەرەو پیری، ڕەنگە ساردەکانی وەک (سەوز و شین) زیاتر جێی بایەخن، کە دواجار بابەخدانەکەیش وەک کاریگەریی لەسەر دەروونی تاکە دێتە بوون و ڕەنگاڵەییەک بە ژیانی کەسە دەدات، کە وادەکات"بەکارهێانی هەر ڕەنگێک لای هەر تاکێک باری دەروونییەکەی و ئەو ژینگەیەی تێدا دەژیت، دەری بخات.

بۆیە دەکرێت ڕەنگی سووریش پەیوەندییەکی پتەوی بە باری دەروونی شاعیرانەوە هەبێت و دۆخی هەر تاکێک لە بارە جیاجیاکان ڕوون دەکاتەوە" (عزیز و محمد ، 2019: 117)، لە ناو کۆمەڵگەیشدا، ئەدیبان و شاعیران هەن، ئەمانیش ڕاستەوخۆ دەکەونە بەر کاریگەریی باری دەروونی ڕەنگەکان، ڕوانینی شاعیران بۆ ژیان، جودا ترە لە هەر تاکێکی تری نێو کۆمەڵگە، ئەمان مرۆڤ گەلێکی بە هەست و دڵناسکی وشەن و هەموو دیمەنێک بە تێکەڵی دەربڕیی خەیاڵیکی دەبینن و کاروچالاکی و کردەکانی ژیان زووتر کارییان تێدەکات، ئەم چالاکییە، بەڕێگەی مێشکەوە دەکات ناخ و لە ڕێگەی پەنجەوە بە وێنەی شیعری دەڕژێتە سەر کاغەز.

بۆیە دەکرێت لە نێو ڕەنگەکان و کاریگەرییان، ڕەنگی سووریش، بابەت گەلێک لە شیوەی وێنە، لای شاعیرانی کورد بە تایبەتی کلاسیکیی، بوروژێن، ئەم ڕەنگەیش چەندین بابەت و دەلالەتی جیاجیا لە نێو دەقەکان ببەخشێت. چونکە، ڕەنگی سوور، چۆن کاروکردەکان و ژینگەی شاعیر(لە شیعردا)، لە ڕێگەی وشەکانەوە شتی باو و ئاسایی دەگۆڕێت بۆ شتی نباو ونائاسیی لە ڕیگەی وشەوە، دەلالەتەکانی ڕەنگی سووریش، هەمان کار لە وێنەی شیعریی شاعیراندا دەکەن.

**ڕەنگ لە ئەدەبی شیعرییدا**

"ڕەنگ هەیشە توخمێکی زیندووی چیرۆکی شیعرەکەیە، لەبەر ئەوەی ڕەگەزێکی دیاری پێکهاتنی دیمەنی شیعرییە بە بوونێکی فیزیکییەوە وێنە ڕۆحییەکە بەرجەستە دەکات و زمانی نوسینەکەیش دەکات بە ئاڵایەک بۆسەرکەوتن" (محمد،2006: 33) بەم شێوەیە ڕەنگ نیشانەی هەڵگری تایبەتمەندیی ئەو وێنەیە بوونییەیە کە بە شێوەیەکی مانادار لە پێکهاتەی دال و مەدلولدا پێوەی لکێندراوە، کە دواجار دەمانگەیەنیت بەوەی کە ڕەنگ:

به دەنگ و جوڵە بەشداری دەکات لە تێکەڵکردنی دیمەنی شیعرییدا، بۆیە "وێنە و وێنەکێشان و بەکارهێنانی ڕەنگ لای شاعیرانی کورد، بەتایبەتی لەسەردەی نۆزدەیەم و پێشتریشدا هونەرێکی باو و نەناسراو بووە، ئەوکاتەیش ئەگەر هەندێک زانیای لەو بارەیەوە هەبووبێت، ئەوا بە شیعر نوسیویانە" (عمر کاکی،2018: 25)، چونکە هەر هێندە ئاوەزیان بۆی هەبووە گەرچی کەمیش نییە ئەو درک پێکردن و بەکارهێنانە.

ڕەنگ؛ وەک ئایکۆن و هێمایەکی ئەدەبییە، شاعیران؛ لە زۆرێک لە دەقە دەشیعرییەکانیان، ڕەنگیان وەک ڕەمز بەکارهێناوە، هەندێک جار ڕاستەوخۆ و هەندێکجاری تر نا ڕاستەوخۆ بەکاریانهێناوە، بۆ نمونە؛ (خەنە)یان وەک ڕەمزێک بە واتای ڕەنگی سوور بەکارهێناوە، هەندێکجاری تر؛ سووربوونەوەییان وەک ڕەمزێکی تووڕەیی بەکارهێناوە، یاخود ڕەش وەک ڕەمزێک بۆ پرچی یار و سپی وەک پیربوون... ڕەنگ و هێما ئایکۆنێکی ئەدەبییە، سیمایەکی دیاری هێمایی و ناڕوونی و نەبوونی ڕوونی و ڕاستەوخۆییە، واتە لە زمانی ڕەمزیی و مانا و مەبەست و ڕواڵەت و ڕووی وشەدا نییە، بەڵکو چەمکێکە لە دەرەوەی ڕواڵەتە.

هێما و کۆد لە ئەدەبدا؛"یەکێک لە سیما ناوازەکانی شیعری نوێ کە لە شێعری کۆن جیای دەکاتەوە، بەکارهێنانی خەیاڵ و ئەفسانەیە، لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا، بۆیە شاعیران لە لایەک ئامادەبوونی کارا و کاریگەری ڕەنگەکان وەک ڕەمز و کۆد دەبینین و لە لایەکەی دیکەش فرەجۆری لە دایکبوونیان و فراوانبوونی وێنە و هونەرە" (سیاوشی و چیتگر، شمارە(37) بهار 1395: 82)، کە وا دەکات لە شاعیر بیری بەهێز بکات و وێنەی ڕەنگاڵەیی خەیاڵی ناوازە بەرهەمبهێنێت. هەروەها ڕەنگ لە ئەدەبدا، یەکێکە لە فاکتەرەکانی گواستنەوەی بیری شاعیر بۆسەر کاغەز، کە ئەم دەربڕینە، لەگەڵ دەقی کۆن (کلاسیکیی)یش یەکدەگرێتەوە، چونکە دەلالەتەکانی ڕەنگ لە کۆن و نوێدا، گۆڕانگاریی واتاییان بە سەردا نەهاتووە، بۆ نمونە؛ لە کۆن و نوێدا، ڕەنگی سوور، هەر بە واتای هێزو و خۆشەویستی و ڕەنگی خوێن و هەستی وروژاندن و... هاتووە، ئەم مامەڵەکردنە، پەیوەستە کاردانەوەی لایەنی سایکۆلۆجی شاعیر، وەک لەوەی لە چوارچێوەی فۆرم و ناوەڕۆکدا پەیوەندی بە سەردەمی کۆن و نوێ هەبێت. لێرەیشدا شیعر: "وەک جوانییەک؛ خۆی لە خۆیدا وێنە وەک وەسیلەیەک بۆ پەیوەندیکردن بە چالاکیی و داهێنانەکانی دەورو، ئەم وێنەیەش بەندە بە ڕەنگ و هێڵێکی گەیەنەرە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی ، ڕق ، خەم ، شادی ، سەرما ، گرژی ، بێدەنگی و... (الهلالي،2019: 2)"بۆیە ڕەنگەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ڕۆحەکان، ئەم کارکردنە سەرە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بڕ و ڕادەی بەکارهێنانی جیاوازە و بەهەمان لای تاک و هەر تاکە و کاریگەری لەسەر ڕەنگەکانی تایبەت بە خۆی هەیە، بەپێی خواست یان سۆزی خۆی یان بەرامبەر ڕەنگ و کاریگەرییە دەروونییەکانی کار لە کاروکردەکانی ژیانیشی دەکات.

ڕەنگ بنەڕەتێکی دێرینی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، لە ئەدەبی زارەکی و نوسراویشدا؛ بنەڕەتەکەیان بە ڕەنگ ڕوونکراوەتەوە، بۆنمونە، مرۆڤ گەلی کۆن، ئەگەر شتێکیان بویستیایە، سەرەتا وێنایان دەکرد و ڕەنگیان بەکاردەهێنا بۆ ئەو وێناکردنە، کە وەک سەرەتایەک بۆ دەربڕینی ڕەنگەکان لەوکاتەدا پێی خۆشحاڵبوون.

لەبەر ئەوەی ڕەنگەکان بە درێژایی مێژوو مانای جیاوازیان هەیە بۆ کەسانی جیاواز(شاعیرانیش جیاوازن)، بۆیە دەکرێت ببنە یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی وروژاندنی دەرونی شاعیر و گرنگترین ڕەگەزیشبن بۆ هێمای مرۆڤ، چونکە ڕەنگ و هێما، وەک ئەوەی هاتووە تەواوکەری ئەزموونە مرۆییەکان و دووبارە کردنەوەی بیرکردنەوەی خەڵکە، بۆیە بەکارهێنانی ڕەنگەکان بە مانا ڕەمزی و ڕەمزییەکانی تایبەتمەندی شیعری سەردەم

و کۆن و بەکارهێنانی هێما و کۆدەکان، یەکێکە لە سیما دیارەکانی شیعری کۆن و هاوچەرخی ئێرانی و عەرەبی و کوردیش، هەر بۆیە شاعیران؛ لە ڕێگای هێما و کۆدەوە بارودۆخی خەڵکی چەوساوە وێنا دەکەن و لە چوارشێوەیەکی (سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و هونەریی)بە ڕەنگ بیرەکانیان دەکە بە وشە و وێنەی شیعری پێ دەکێشن."ڕەنگ لە کارەکاندا ڕۆڵێنی جیاوازی هەیە، شاعیرەکان هەندێک جار ڕوو لە وێنەو نوێگەری دەکەن و هەندێک جاریش ئەنجامی بەرجەستەبوونی مەجازی ڕەنگ دەردەبڕن، ڕەنگ گرنگترین توخمی قوتابخانەی ئەدەبی وێنەیە، شاعیرانی ئەو قوتابخانەیە، لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە چەمکەکانی وێنە و خەیاڵ بکەن، دێن و ڕەنگەکان دەکەن ڕەمزێکی ئەدەبی و وێنە خواستراوەکەی بەرجەستە دەکات" (سهیلا و منصور،1392: 125) شاعیرەکان؛ ڕەنگ بەکاردێنن بۆ دروستکردنی وشە و دواتر لە وێنەی شیعری و گوزارشتکردن لە چەمکە ڕوون و جوانەکان، ئەو وێنەیەی کە شاعیران لە جیهانی دەوروبەریان پێشکەشی دەکەن، وەسفی وەرزەکانی ساڵ و دیمەنە ڕەنگاڵەییە جیاوازەکانی سروشت، خەیاڵ و بینینیان ئاشکرا دەکات. پێشکەشکردنی وێنەی نوێی شەو و ڕۆژ، وەسفی وەرزەکانی ساڵ بە ڕەنگی وەرزەکان، جوانییەکی تایبەت و خەیاڵاوی بە ئەدەبیاتی شیعر دەبەخشێت.

لە ئەدەبی شیعری کوردییدا، شاعیران ڕەنگ بەشێوەی بەهێز و هەمیش شێوەی لاواز بەکاردێنن، ڕەنگە بە هێزەکان ئەو ڕەنگانەن کە بە شیوەی چڕ و زیاتر کاریگەریی لەسەر دەرونیان هەیە و ئەم کاریگەرییە بە شیعر دەپەڕیتەوە سەر کاغەز، لاوەکییەکانیش بێ توانا و لاوازن بە پێی پێویستی دێن و زۆرجار بۆ پڕکردنەوەی مەبەستی شیعرن و واتا و مەبەستی ڕوون و بە هێزیان ییە لە شیعردا.
لە ئەدەبدا "ڕەنگەکان، ژینگەی زیندووییمان دەگۆڕن بە هارمۆنی یان دژبەیەکی خۆیان، ئەم هارمۆنی یا کۆنتراستەی ڕەنگەکان لە ئەدەبی کارپێکراوی کۆن و نوێدا زۆر فراوانە، چونکە ئەدەب ئاوێنەی تەواوی ڕوانینی هەموو کۆمەڵگایەک و بیرکردنەوەی بەرجەستە دەکات" (فاتحی و قهرمانی، 1396: 145)، وەک چۆن ڕەنگەکان لە کۆمەڵگادا هەن و بە شێوەیەکی ڕەمزیی وێنەیان لە ئەدەبدا دەردەکەوێت، هەروەک چۆن ڕەنگی ڕەش مانای بێهیوایی و تاریکیی هەیە، سەوز؛ پیرۆز و ژیانپەروەرانەیە، سوور و زەردە و ئەوانی تریش هەمان دەلالەتن لە ئەدەبدا و بۆ واتای خۆیان بەکار هاتوون، نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت کە ئیمتیازاتی گەورەی ڕەنگەکان تام و چێژ و بەرژەوەندی مرۆڤە لە هەڵبژاردنی دا و هەموو کەسێک بە پێی ڕۆح و باوەڕ و تەنانەت ئەزموونی شەخسی خۆی، ڕەنگێکی خۆش دەوێت، شاعیران لە ئەدەبدا هەروان، ئەم خۆشەویستییە وای نیشاندەدات کە ڕەش لە کارەکانیدا بە بەرزترین دەرکەوتنەوە خاوەنی بەرزترین بەکارهێنانە لە ڕووی چەمکەوە، لای شاعیرێکی تر، بەهۆی مەست بوونی بە عەشق و جەنگی و بەردوام ڕشتنی ئەشکی سووری چاوەوە، ئەشی ڕەنگی سوور بکەوێتە بەرزترین ئاستی ئەدەبییەوە.
بۆیە "هەر کارێکی ئەدەبی نوێنەرایەتی شێوازی بیرکردنەوە و دنیا بینی نوسەر(شاعیر) دەکات، چونکە کاری ئەدەبی لەسەر قووڵایی هەست و سۆزی شاعیر دامەزراوە" (نیکوبخت و قاسم زادە، 1387: 207)، هەروەها ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی و ڕۆحی دەروونی ئەو دەبێت، لەگەڵ ئەم چەمکەدا، دەگەینە ئەوەی ڕەنگ دەتوانێت باشترین ئامرازبێت بۆ ناسینەوەی هەست و سۆز و ڕۆح و بیرکردنەوە و پرۆفیشناڵییەتی(ئاست بەرزیی) شاعیر و دیاریکردنی دنیای بینیی خۆی لە ڕێی بەکارهێانی ڕەنگەکان لە شیعرەکانیدا. هەروەها "لە دەقی شیعری و لە ئەدەبدا، ڕەنگەکان؛ ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیان لەسەر زیندوویەتی و نەمری دەقی شیعری و لایەنی ئیستاتیکییەتی شیعری هەیە، ئەمەیش هۆکارێکە بۆ کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەم واتای دەق و داهێنان

و جوانكاری دەق" كە دەرفەت دەرەخسێنێت هەتا لە ئەدەبدا و لەڕێگەی دەقی شیعرییەوە، ئەو ڕەنگدانەوە دەرونییە ببینرێت كە لە وێنە ڕەنگكراوەكەی شاعیراندا هەیە.

**دەلالەتەكانی ڕەنگی سور لە شیعری كلاسیكیی كوردییدا**

"سوور لە ڕووی دەروونی و مێژووییەوە بە وشەی "ژیان و خوێن" دەناسرێت، كە بە (Ruh-Ira) لە زمانی سانسكریتی و بە لاتینی: (Rot) هاتووە و لە هەردوو زماندا؛ بە مانای (خوێن و ژیان) ناو دەبرێن، ئەم ڕەنگە(ڕەنگی سوور) زیندووە و لە هەمان كاتدا بە تەواوی لە چوارچێوەی؛ ڕەنگی گەرم و وزەبەخش دیاریدەكرێت، هەروەها نزیكە لە هەموو ماناكانی: دەسەڵات و خوێن، هێمای ژیان، ڕەنگی بنچینەیی... ئەم ڕەنگە؛ هۆكاری هەستان و سەركەوتنە، لە وێنە هێماییەكاندا ڕەنگی سوور: (هێمای ئاگر و شەهوەت و شەڕ و خۆشەویستیی)بووە" (سهیلا و منصور، 1392: 133).

لای شاعیرانی كوردیش ڕەنگەكان و دەلالەتەكانیان، هەریەكە و بۆ واتا و مەبەستێك دەستیشانكراوە، بەڵام لە ڕووی سایكۆلۆجییەوە، (ڕەنگی سوور) وەك ڕەنگێكی گەرم؛ كە بەهێزترین ڕەنگی وروژاندن و ڕەنگی هەست و سۆزە، ئەم ڕەنگە جیاوازی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە لە ڕەنگەكانی تر...، چونكە سوور؛ لە هەموو ڕەنگەكانی تر زیاتر پەیوەستیی بە لایەنی سۆزدارییەوە لای شاعیرانی كورد، جگە لەم كارییەی هەروەها سوور "لە ڕووی زاستییشەوە خانە هەستەوەرییەكانی ئاوەزی جەستە زیاد دەكات و هۆكارە بۆ بەرزكردنەوەی پەستانی خوێن، ڕوومەت وەك فۆرمێكی توڕەیی پێشاندەدات، بۆیە سوور لەم كردارەدا وەك ئاماژەی هێز و تووڕەبوو و سەرچاوە ئاگرینەكان دادەنرێن، بە پشت بەستن بەمە، زانایان ڕەنگی سوور: بۆ وروژاندنی جەستە و مێشك و بۆ زیادكردنی سووری خوێن بەكاردێنن. ڕەنگی سوور: "ڕەنگی هێزە و فەرمانكردنە، هەر لەبەر ئەمەیە كە كاتێك دەگەیە ترافیك لاییت، ڕەنگی سوور دەمانوەستێنێت، ئەم ڕەنگە وەك ڕەنگی هێمایەك بۆ هێزی پیاوان هەژماردەكرێت كە كاریگەرییەكی زۆری لەسەریان هەیە" (میرعلی، 1397: 16)، بۆیە لەگەڵ دەربڕینەكانی شاعیرانی كورد، كە پەیوەستە بە ئاوەزی بیر و دەرونییان، وەگ پەرچەكردارێكن لەكاتی خۆشی و ناخۆشییەكانی ژیانیان، كە سوور بووەتە دەلاقە و دەرچەیەك كە بە مەبەست و دەلالەتی جوداوە وێنە شیعرییەكانیان بگەیەنن.

لەلایەكی دیكەوە بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر دەكرێت ئەمەیش بخەینە ڕوو: "ئەم ڕەنگە كە لەگەڵ بونیاتی لەش و لایەنی بایۆلۆجی شاعیرە(مرۆڤ)، كە دەبێتە تایبەتمەندی بۆ پەرچەكردار، لەلایەك بۆ ون بوونی ئەو بایۆلۆحییەی شاعیر، لەلایەكی تریشەوە؛ شێوە پەشیمانییەك لە كردارەكانی شاعیر نیشاندەدات" (كاوس و مصطفی، 1382: 96).

بە سەرنجدان بەو نمونە شیعرییانەی خوارەوە، بە ڕووی بەوە دەگەین، كە ڕەنگی سوور، لە هەندێ باری دەرونییدا، هێزی ژیانە، لەبەر ئەمە واتای خۆشەویستیی و هەر شتێكی تر دەخوازێت كە خۆشەویستی تێدابێت، یان"بە واتای ئارەزوییەكی بەهێز دێت بەرانبەر بە شتە خواستراوەكانی دەروبەرمان، "سوور؛ واتە جولە، ئیرادە لەبەرانبەر پیرۆزییەكان و هەموو شتە خاوە شورەت و قەدرەكان" (سیاوشی و چیتگر، 1395: 88). ئەم ڕەنگە لای شاعیران، وەك مەبەست بۆ جوان دەربڕین و دروستكردنی وێنەی جوانی شیعری بەكارهاتووە، هەروەها شاعیرانی كلاسیكیی كوردییش، وەك هەر تاكێك بەشێكی بە هۆی سایكۆلۆجی و كاردانەوەی ڕەنگی سوور لەسەر دەروونیان، پانتاییەكی گەورەی لە شیعرەكانیان داگیركردووە، ئەم ڕەنگە لە سروشتی ژیانی شاعیراندا؛ هێزێكی گرنگە، لەبەر ئەوە مانای ئارەزوو و هەموو شێوەكانی ئارەزووی هەیە و"ڕەنگی

ڕەسەنایەتی و هێمای شادی و بەرخودانی و جوانییە" (امینی لاری و خیراندیش، 1392: 15)، "لای عەرەبە جاهلییەکانیش، ئەم ڕەنگە، نیشانەی مەرگ و کوشتن بووە، هەروەها ئەگەر باس و خواستی کۆن و سەردەمی پێشو و باوباپیرانی خۆیان بکردایە، دەیانوت: (ساڵی سوور)، هەروەها بۆنی سوور، خوشترین جۆری بۆنیان بووە" (پیرانی شال و ناعمی و هاشمی،1392: 38). لای شاعیرانی کورد: بە هۆی کاریگەریی ئەدەبیاتی فارس و تورک و عەرەب، ئەم ڕەنگە هەڵگری هەمان چەمک و واتای ئەو نەتەوانەیە.

لە ئەدەبی کلاسیکیی کوردیدا، ڕەنگ وەک یەکێک لە هەرە توخمە نەزەریەکان بەرچاوە، ئەوەیە کە لە دروستبوونی مانا و دروستبوونی شێوە خەیاڵییەکان و لەدەربڕینی ڕیوایەتە خەیاڵیەکاندا ڕۆڵی دیاری هەیە. لەبەر ئەوەی سنوری لێکۆڵینەوەکەمان دیاریکراوە بە دەلالەتەکانی ڕەنگی سوور، بۆیە لە خوارەوە چەند نمونە لە واتا و مەبەستی بنچیەیی و خواستراوی ڕەنگی سوور و بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە جگە لە وتای بچینەیی و بۆ چەند مەبەست و خواستێکی تر، لە شیعری کلاسیکیی کوردییدا دەخەینە ڕوو:

- **بەکارهێنانی سور، لەبری(جنێو و تووڕەیی داخ ڕشتن)**، لەم شیعرەی (عەونی)یدا، کە بۆ کۆچی دوایی(ئیدریس بارزانی)وتووە، ڕەنگی سووری بۆ واتاو مەبەستێکی تر و دوور لە مەبەستی بنجیی بەکارهێناوە، کە گلەیی لە ڕۆژگار دەکات و بەهۆی بیستی هەواڵی مردنی (ئیدریس بارزانی)ەوە، تانە لە ڕۆژگاردەدات کە ڕۆژێک نییە ئەو هەواڵێکی خۆش، ئاوازێکی خۆش بێتە بەرگوێی:

"**ڕۆژگار ڕووت سوور نەبێ، هەروا بەشت بێ ڕوویی ڕەش**

**ڕوو ڕەش و دڵگیر و پەست بی، هەر بە ئازار و نەخۆش**" (شارەزا، 1997: 119)

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ وەک سووربوون و پێداگیریکردن لەسەر خواست و داوا**, وەک لەم شیعرەی (صابری) لە پاتکردنەوەی (سوور)دا، سکاڵا لە یاری دەکات و بە شیعرێ ئەوە دەڵێت: یاری دڵی ئەوینی زامدارکردووە و لەگەڵ ئەوەیشدا یاری پێداگیری دەکات و حاشای لێدەکات:

"**قەسدی خوێنی بێ گوناهان بۆچ دەکا ڕۆژێ هەزار**

**دەست و خەنجەر غەرقی خوێنە و سوور بە سوور حاشا دەکا**" (صابري، 1969: 43)

یان (هێمن) لە شیعری (ڕقی پیرۆز)دا (سوور) وەک جەختکردنەوە و دڵنیابوون و وازنەهێنان بەکاردێنێت:

"دەمگرێ، ئەمما لەگرتووخانە ڕق ئەستوور ترم

لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوور ترم" (ئەحمەد و دەشتی، 2003: 187)

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ وەک پێناسەیەک بۆ ڕەنگاڵەیی دنیا**، وەک ئەم شیعرەی (ئەحمەدی ئەحمەدی کۆر):

"**نەقشی دنیا تۆ دەبینی، کەسک و سوور و زەرد و شینی**

**هیچ نییە حق الیقيني، خانە خشتی سوور نەبێ**" (داشبەندی، 1378: 276)

ئەم پێناسە سروشتییە، لای زۆرێک لە شاعیرانی تر کراوە، (بێخود) لە وەسفی سروشت کە دێتە گۆ: ئەبێ کێ بێت مانی (پەیامبەری وێنەکێش)ئاسایی، ئەو سەحرا و شاخ دۆڵانەی ڕەنگاو ڕەنگ و سوور و زەرد شین وکردوە:

**" ئاخۆ چ مانییێکە کە سەحرا و شاخ و داخ**

**ژەنگار و زەرد و سوور و سپی و سەوز و شین ئەکا "** (مەلا کەریم، 1391: 22)

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ وەک گەرم-گەرمکردن-گەرمی،** (سالم) کە میوانی مەڵێک دەبێت لە شاری (حلە) دوای گازەندیی لە میوان دۆستی! داوادەکات شیشێکی سوور بێنن بۆی گیانی کۆڵنجی کردووە، تا بەو شیشە گەری دابێت و ئازاری کۆڵنجی نەمێنێت:

**"شیشی سوور بێنن وەرن خاڵیگەمان داخ کەن بە جووت**

**چوونکە ژانمانە من و ئەسپم لەبەر سەردیی هەوا"** (مودەریس و فاتیح و مەلا کەریم، 2015: 46)

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ وەک واتای شایی و خۆشی:** لای(سالم)، لە بۆ پێچ و دەوورانی دنیا، باسی ئەوە دەکات کە خودا؛ دنیای سەرتاخوار بە نزم و بێبار دروستکرد، دیوێکی خۆشی و شایی و دیوێکی شین و ماتەم، کە تێدا ڕەنگی سوور، وەک واتای شایی بەکاردێنێ کە دەڵێت:

**"خوداوەند چادری دونیای بە دوونییەت سەراپا کرد**

**بروون سوو سوور و ئایینە، دەروون ڕەنگی عەزا پەیدا"** (مودەریس و فاتیح و مەلا کەریم، 2015: 64)

یان (سەید تاهیر هاشمی)، بە هەمانشێوەی (سالم)، ڕەنگی سووری وەک دەلالەتێک بۆ شایی و خۆشی بەکارهێناوە:

**"ڕەنجی دنیا و ڕاحەتی هەر شبهی گەنج و مارییە**

**شادی و غەم، سوور و ماتەم وەک گوڵ و وەک خارییە"** (هاشمی، 2019)

شادی و غەم، سوور و ماتەم، هەردوو یەک واتا دێنەوە، بەشێوەیەک: (شادی، سوور) بە واتای خۆشی و شادی و (غەم، ماتەم)یش هەر بەواتای بنچیەیی خۆیان.

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ وەک ڕەنگی خوێن،** کە لەم بەیتەی خوارەوەی (مستەفا شەوقی)یدا، بە ناوی (لە بۆ کوردان)ی نوسیوە؛ ئاماژە بە کانییەکی کێوی (قولقولاغی)دەکات لە ڕۆژهەڵاتی سابلاخ کە لەبری ئاو خوێنی لێدەچۆڕێت:

**"تەماشاکە کە کانی قوڵقولاغی سوور و سووراوە**

**ئەوە گەرمەبرینی کاکتە چون لێرە کوژرابوو"** (شەریفی، 1384: 32)

بەکارهێانی ڕەنگی سوور، لەبری خوێن، پانتاییەکی زۆری لە شیعری کلاسیکیی کوردییدا، گرتووەتەوە، (ئەحمەد موختار جاف)یش، لە بەیتە شیعرێکیدا، دوای گازەندە کردن لە یارەکەی گرفتاریی بە عەشقی ئەو، دواتر بە غەددار و خوێن ڕێژی عاشقان وەسف دەکات:

**"گرفتارم بە دەردی عیشقی دڵدارێ کە وا، ئەمرۆ**

**بە خوێنی عاشقان دایم بەری پێی سوور و ڕەنگینە"** (ڕەسول، 2016: 148)

ئەم چواندنە واتاییە لای (عەونی)یش، ڕەنگی داوەتەوە و لەم بەیتەدا (سووری)ی بە واتای (خوێن) هێناوەتەوە:

**"ئەسپی خۆی با تاو بدات و بێتە مەیدانی بەزین!**

**تا بە خوێنی زامەوە بەرگی سپی خۆی سوور نەکا"** (شارەزا، 1997: 227)

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ وەک سیفەت بۆ فرمێسکی چاو،** (کوردی) لەم دەقەیدا، لەبری ئەوەی بڵێت خوێن لە چاوانم دەچۆڕێت، (سرشکی سوور)ی بەکارهێناوە:

"**گەواهی لافی عیشقی تۆیە قوربان**

**سرشکی سوور و ڕەنگی زەردم ئەمڕۆ**" (موکریانی، 1387: 32)

(حەمدی)یش، لە بەیتێکدا، لەبری فرمێسکی چاو (ئەشکی سوور) بەکاردێنێ و چاوی یار و کاتی گریە و زاییەکەی، بە دەریای سوور دەچوێنێ و فرمێسکەکەیشی وەک خوێن لێهاتوویی:

"**دەم بە دەم بۆ حاڵی عالەم دێتە جۆش و گریەوە**

**ئەشکی سوور و سوێری بەحری ئەحمەر و عوممانە ئەرز**" (مەولوود، 2013: 32)

(دیلان)یش ئەم سرشکەی لەخۆیدا چواندووە و کاتێک زامزەدەیە، ئەوە فرمێسکی چاوی، کە چواندوویەتی بە (ئەشکی سوور) دەست و چاوی دەشوا:

"**زامدارە بولبول و لە دەوری گوڵ ئەکا ڕەقس و سەما**

**بە کەیلی ئەشکی سوور و ئەسەف دەست و چاو ئەشۆم**" (ئاگرین، 2013: 59)

- **بەکارهێنانی ڕەنگی سوور؛ بەمانای بنچینەیی خۆی:** وەک لەم بەیتەی (ئەخۆل)دا هاتووە:

"**بەهارم هاتەوە یاران عەجەب شیرین بەهارێکە**

**بە خونچە سوور بووە سەحرا بە گوڵ سیمین عوزارێکە**" (عزیز , گەردی;، 1383: 70)

خونچەی سوور، مەبەستی لە خونچەی گوڵاڵە سورەیە، کە هەم بە خونچەیی و هەمیش بە گوڵی، ڕەنگی سوورە و بەتایبەت بەهاران دەست و دەر، کە شاعیر لێرە بە (سەحرا)ناوی بردووە، ڕەنگ سووری دەکات.

یا هەمان (حەمدی) خەمان مەبەستی ڕەنگی دەنوێنێت بۆ سوور:

"**سەحرا هەموو سەوز و سوورە، چەشمە مەنابیعی نوورە**

**گڵ وەک کلی کێوی توورە، نەغمەی نەسیمی سەمتوورە**" (مەولوود، 2013: 58)

یان لە شێوەی وەسفی گۆنای یار و گەشاوەیی و سوور و پەمەیی و گەشی کوڵمی یار، (مینە جاف) ڕەنگی سووری بە شێوەی ڕەنگی بنچیەیی بەکارهێناوە، کە ئێژێ:

"**مەدحی ئەگریجەی پەشێو و چاوی مەست و پڕ خومار**

**کوڵمی سوور و خاڵی شین و لەعلی لێوی ئاودار**" (نەریمان، 1990: 60)

- **بەکارهێنانی (خەنە=حنا) لە بری ڕەنگی سوور،** بەشێک لە شاعیران، خەنەی دەستی یاریان بە خوێنی دڵ و فرمێسکی چاوی خۆیان چواندووە، کە بەهۆی بێ دەربەستی و خەمی یاریانەوە تووشی هاتوون، ئەوەتا کاتێک (حەبیبە) دەست و پەنجەی بە خەنە سوور دەکات، (نالی) پێمان دەڵێت، کە دەست و پەنجەی بە خوێنی دڵی ئەو سوور کردووە، نەک خەنەیی بێت، ئەو دەست سوور کردنەیشی شاهێدییە من (نالی) کوشتەی دەستی ئەو(حەبیبە)م:

"**حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم**

**ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم**" (موردەریس و فاتح، 1976: 271)

یان لەم بەیتەی خوارەوەدا، ئەو خەنەیەی کە یارەکەی، دەست و سەری پێ ڕەنگ کردووە، پێی وایە کە ئەوە خەنە نییە، بەڵکو ڕەنگی سووری خوێنی جەستەی خۆتە و داوتە بەسەرتا و لە خەمی ڕازی داستانە دڵدارییەکانتە و شین ڕۆڕۆتە کە ڕازت لە گەڵیان هەبووە:

**"خوێنی سیرفە پێی سەر و دەستت حەنایی کردووە**

**ڕەنگی دەست و سەر نییە، ڕەنگی سەری دەستانییە"** (موردەریس و فاتح، 1976: 591)

یان (سالم) کاتێک لە سروشت و دڵی خۆی دەکەوێتە موناجاتێکی عاشقانە، لەگەڵ بەرە بەیاندا دەبێتە شەڕ داوادەکات ژوانی عەشقی لێ تێک نەدات و گەریش دێت لێی گەڕێ! لەبری ئەوە سمی ئەسپەکەی بە فرمێسکی چاوی(سالم) ڕەنگ سوور دەکات:

**"سەحەر گەر بۆ شکارم دێیە سەحرا با مورەخخەس بم**

**حەنایی کەم بە ئەشکی دیدە سممی مەرکەبت ئەمشەو"** (موردەریس و فاتح، 2015: 687)

شیعری کلاسیکیی کوردی، فۆرمێکی مولەممەعی هەبوو، وەک یاسا و هەمیش وەک نیشانەی ژیری و دەسترۆیشتوویی شاعیر بوو، کە بتوانێت بە زمانێکی تێکەڵ لە (کوردی و فارسی و عەرەبی) شیعر بنوسێت، بۆیە لە چەندین دەقی شیعری کلاسیکیی کوردییدا، لەبری وشەی (سوور)، بەڵکو وشەی (قرمز)ی فارسی بەکارهاتووە، کە بە هەمانشێوە کوردییەکە بوو لە مانا خواستراوەکە، واتە هەر بۆ واتای: فرمێسکی چاو، خوێنی دڵ، لێوی سوور... بەکار هاتووە، بۆ نمونە (ناری)، (قرمز)ی بە واتای پەنجەی سووری خوێناوی بەکارهێناوە:

**"ڕیشەیی جەرگی لەبن هێنام بە قوللابی موژەی**

**بۆ دەکا حاشا بە پەنجەی قرمز و خوێنینەوە"** (فەللاح، 1383: 114)

یان لەم دوو بەیتەی خوارەوەدا، هەر یەک لە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (عەونی)، وشەی (قرمز)یان بە واتای ڕەنگی سووری لێو بەکارهێناوە:

**"شیرین وەکوو خوسرەو پسەری هورمزە جافە**

**چاو مامزە، لێو قرمزە، ئیمانسزە، جافە"** (ڕەسووڵ، 2009: 58)

**"یاری من سەرو قەدە، ڕووی گوڵە، لێو قرمزییە**

**چاوی باز، لەنجە کەوە، ڕەوت و ڕەوی مامزییە"** (شارەزا، 1997: 48)

## ئەنجام

1- ڕەنگ، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیی لە هەڵوێستی چەمکەکان و ماناکان گێڕاوە، ڕەنگەکان بەهایەکی هونەرییان داوە بە شیعر، شاعیر لە ناو دەقەکانیان، بەهۆی بەکارهێنانی واتای دووەمی ڕەنگەکان، کە توێژینەوەکە زیاتر ڕۆچووە بۆ ڕەنگی سوور، نهێنی و تێڕامانی فکری خۆیان بەرجەستەکردووە.

2- بەکارهێنانی ڕەنگەکان، وەک هێمایەک بۆ بەردەوامی خستنەڕووی وێنە شیعرییەکان، دەردەکەوێت هەر شاعیرەو هێما و چەمکی هاوبەش و تایبەتیی خۆی هەیە بۆ ڕەنگەکان، بۆنمونە لای بەشێکیان؛ ڕەش:

بەواتای خەم و حوزن و لای هەندێکی تر سیمبولێکە بۆ نارەزایی، ڕەنگی زەرد، بۆ نەخۆشی و لای هەندێکی تر هێمایشە بۆ دابڕان و ئامانجە بەدینەهاتووەکان، سەوزیش هەروەک رەمزێکی پیرۆز و دینییە و هێمایشە بۆ سەقامگیری و سووریش، لە دەقی شاعیران بە چەندین واتای جودا لە گشت ڕەنگەکانی تر زیاتر دەردەکەوێت و هەرجارە و بەواتایەکی دوور لە واتا بنچییەکەی خۆی بەکارهاتووە، ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکیی کوردییدا، بە واتای: شایی و شین، خوێن، تووڕەیی، لێوی یار، نیشانەی ئاگاداربوون و خەتەری، فرمێسکی چاو، شەرم و پێداگیری و.... هاتووە، ئەم واتایانە نوێنەرایەتی سایکۆلۆجیی و ژیان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی هزری شاعیرانی کورد دەکات.

3- سروشتی ڕەنگاوڕەنگینی کوردستان، دەشتی سەوز و ئاسمانی شین و گوڵاڵەسوورە و زەردەپەڕی دەمی خۆرئاوابوون، بوون بە ماتریاڵ و ڕەنگ لە شیعری کوردی، شاعیران لەم ڕووەوە تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی خەیاڵی درەوشاوەیی ڕۆحییان لە سروشتەوە نەخشاندووە بە وشە.

4- چەمکە جیاوازەکانی ڕەنگ و مانای ڕەنگ لە دەقە ئەدەبییەکان، ئاماژەی دنیا بینی و ڕوانینی جوداخوازییانەی شاعیرە بۆ رەنگ، و هەروەها توانای شاعیرە لە بەکارهێنانی ئەم فۆرمە زمانییەیە بۆ مەبەستی خۆی.

5- لە شیعرە کلاسیکییەکان و ئەو نمونانەی بەکارهاتوون، هیچ کات ڕەنگ بە نەزانی و لەخۆوە بەکارنەهاتووە، وشەی (سوور)؛ هاوشان لەگەڵ وشەکانی تر، ماناو پێکهاتەی شیعریین و نوێنەرایەتی ئەو دەقە کلاسیکییە دەکەن، کە بەخۆی و واتا خوازەییەکەیەوە بوون بە سەرچاوەی وێنەی شاعیران، کە شاعیران زۆر بە وردی و مەبەستەوە، لەبەری ڕەنگی سوور( ئەشکی چاو) لەبەری ناوهێنانی ڕاستەوخۆی ڕەنگی سوور، (خەنە)ی ڕەنگ سوریان بەکارهێناوە، لەبەری ڕەنگی سوور، شەرم و توڕەیی و... بەکارهێناوە، کە دواجار بۆ دروستکردنی ئەو وێنەیە هونەرییەیان بووە، کە مەبەستیان بووە.

6- لە سایکۆلۆجی تاک و کۆمەڵگەیشدا، ڕەنگەکان لێکەوتەی ژیانی شاعیرن، ئەوبارودۆخەی ژیانی شاعیرانی پێدا تێپەر دەبێت، وەکچۆن لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، هاوکات بە هۆی لایەنی دەروونیی شاعیرەوە، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، ڕادەو مامەڵەکردن بە ڕەنگەوە دەگۆڕیت، بۆنمونە، ڕەنگاورەنگ بینینی دنیا، لای (مینەجاف) زیاتر لە پێشاندانی سەوز و سوور و شینی دەشت و دەردایە، وەک لە (سالم) کە بۆ گەلێک مەبەستی تری وەک(سرشکی چاو، خوێن، شایي...)، چونکە مینەجاف، لە ژیانێکی میری و خۆشخوانییدا بووە وەک لە سالم کە دەورانی زەمان گەلێک شوێن گۆڕکێ و خەمی پێداوە.

7- ڕەنگەکان ڕۆڵی گرنگ لە وێناکردن و گەیاندنی چەمکەکان لە ئەدەبی شیعرییدا دەگێڕن، شاعیران لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگەکانەوە، ڕێگەیان بۆ خۆیان خۆشکرد، هەتا دەلالەتی جیاواز و مەبەستی خەیاڵی و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بەرجەستە بکەن لە دەقە شیعرییەکانیاندا.

**سەرچاوەکان**

**قورئانی پیرۆز**

**کوردی**

1. ئەحمەدی شەریفی. (1384). *بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور مستەفا شەوقی قازی زادە.* مهاباد: چاپخانەی لەیزێر مەهاباد (چاپی یەکەم).

2. بەدران , ئەحمەد; عوسمان, دەشتی;. (2003). *بارگەی یاران-سەرجەمی شیعری هێمن.* هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە(چاپی یەکەم).

3. ژوان , عبدالسلام عزیز; یوسف, علی محمد;. (2019). دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی (مستە فا بەگی کوردي)دا. *گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان*، 114-132.

4. شیخ عبدالرحمن شێخ نجم الدرین (صابري). (1969). *دیوانی صابري.* کەرکوک: چاپخانەی شارەوای کەرکوک (چاپی یەکەم).

5. عزیز , گەردی;. (1383). *ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی.* پیرانشهر: انتشارات سامرند.

6. عەبدوڵڵا خدر مەولوود. (2013). *دیوانی حەمدی.* هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر (چاپی پێنجە م).

7. عەبدوڵڵا ئاگرین. (2013). *دیوانی شیعر محەمەد ساڵح دیلان.* هەولێر: چاپخانەی چوارچرا (چاپی دووە

8. عەزیز محەمەدپور (داشبەندی). (1378). *دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانی.* تاران: چاپخانەی پەیام (چاپی یەکەم).

9. عزەدین مستەفا ڕەسول. (2016). *دیوانی ئەحمەد موختار جاف.* تاران: چاپخانەی تاران-پەنجەرە.

10. کاکەی فەللاح. (1383). *دیوانی ناری.* سنندج: انتشارات کردستان (چاپی یەکەم).

11. کەریم شارەزا. (1997). *دیوای عەونی.* هەولێر: چاپخانەی پەروەردە (چاپی یەکەم).

12. گیوی موکریانی. (1387). *دیوانی کوردی (مستەفا بەگی ساحێبقران).* چاپی یەکەم.

13. لوقمان ڕەئووف. (2017). سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نمونە. *مجلة جامعة التنمیة البشریة*، 453-482.

14. محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری). (2016). *شیکاری دەق.* چاپخانەی (تەژنە).

15. محەمەی مەلا کەریم. (1391). *دیوانی بێخود.* سنە: انتشارات کردستان (چاپی دووەم).

16. محەمەد تەقی هاشمی. (31 7, 2019). *سەید محەمەد تاهیری هاشمی (١٩١٤-١٩٩١).* تم الاسترداد من کوردستانی نوێ: https://knwe.org/?p=46573

17. مدرس مەلا عبدالکریم، و عبدالکریم فاتح. (1976). دیوانی *نالی.* بەغداد.

18. مصطفی نەریمان. (1990). *دیوانی مینە جاف.* بەغداد: مطبعة الجاحظ.

19. 38- حەمە, نوری عمر کاکی;. (ژمارە(54) نیسانی2018). بەرگ و ڕەنگ لە شیعری مەحویدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ بەشی (B)زانستە مرڤایەتییەکان، 13-34.

20. 20. مدرس مەلا عبدالکریم، و عبدالکریم فاتح. (2015). *دیوای سالم،عەبدوڕڕحمان بەگی صاحێبقڕان.* سلێمانی: بکەی ژین(بەرگی یەکەم).

**عەرەبی**

1. طالب غالب الاسدي محمد. (العدد(4) لسنة2006). العلامة اللونية دراسة في توظيف اللون و الدلالته في تشكيل المشهد الشعري في شعر مظفر الواب. مجلة اداب البصرة، 32-66.
2. عبدالستار عطا الله ايمان. (العدد (95) لسنة2020). سيمياء اللون في العروض الفنتازيية لمسرح للطفل. مجلة الأكاديمي، 71-86.
3. على, پيرانى شال; زهرة, ناعمى; خديجة هاشمى;. (العدد(12) شتاء 2013/1392). نقد اللون الاحمر و الاخضر و دراستها في اشعار ازك الملائكة. *اضاءات نقدية(فصيلة محكمة)*، 33-52.
4. كاظم محمد الطائي جابر. (العدد(50) الجزء(2)). دلالات اللون في رياض الآطفال. مجلة الكلية الاسلامية الجامعة، 601-617.
5. لؤي, نجم جرجيس امين;. (العدد الخامس والسبعون 2008). دلالات اللون في المنجزات الخطية والزخرفية. مجلة ديالى، 608-634.
6. محمد عبدالسيد سليمان. (العدد الخامس والعشرون 2016). دلالة اللون فس نهج البلاغة_اللون الابيض والاسود أنموذجا. مجلة كلية تربية، 159-192.
7. وسام, محمد منشد الهلالي;. (المجلد الثانى عشر: العدد، 2019). اللون ودلالاته قي مجموعة(عبرالحائط في المراة)لحسب الشيخ جعفر. مجلة القادسيهة للعلوم الانسانية، 1-12.

**فارسی**

1. حسن لى كاوس، و صديقي مصطفى. (شماره(13) بهار 1382). تحليل رنگ در سروده هاى سهراب سپهرى(علمى-پژوهشى). *نشريه دانشكده ادبيات و علوم انسانى*، 96.
2. سهيلا, حسينى; احمد, منصور رضى;. (شماره (74) بهار1392). نقد زيبايى شناختى رنگ در شعر فرزانه خجندى شاعر رنگ. *فصلنامه زبان و ادبيات فارسى*، 120-143.
3. شبنم, فاتحى; على, قهرمانى;. (شماره(35) بهار 1396). كاركرد عنصر رنگ در مثنوى مولوى. *فصلنامهء بهارستان*، 141-166.
4. صابره, سياوشى; محمد, خسروى چيتگر;. (شماره(37) يهار 1395). جايگاه نمادين رنگ در ادبيات پايدارى در اشعار قيصر امين پور و محمود درويش. *مطالعات ادبيات تطبيقى*، 88.
5. عبداللة حسن زاده ميرعلى. (شماره (5)، تابستان 1397). نقد روانكاوانه عنصر رنگ در اشعار فريدون مشيرى. *رخسار زبان*، 16.
6. ناصر, نيكوبخت; سيد على, قاسم زاده;. (شماره (8) پاييز و زمستان 1387). سمبوليسم نور و رنگ در عرفان- اسلامى. *مطالعات عرفانى*، 185-215.
7. ليلا, امينى لارى; سيد , مهدى خيرانديش;. (شماره (9) پاييز و زمستان 1392). جلوه‌هاى نمادين رنگ در ادب عرفانى. *دوفصلنامه علمى-پژوهشى ادبيات عرفانى دانشگاه الزهرا*، 7-42.